# ئۆپۆزسیۆنی میللی بۆ شەڕی عێراق لە زیادبووندایە لە ئەمریکا

**نووسینی ئەنتۆنی ئارنۆف**
**و. مەحمود محەمەد عوسمان**
m_o_osman@hotmail.com



## بەشی دووەم

**لەسەرمانە لایانە چینایەتییەکانی ئەم شەڕە ڕۆشن بکەینەوە: کێن ئەوانەی کە شەڕ دەکەن و کێن ئەوانەی کە ئەکوژرێن،  وکێن ئەوانەی کە سەربازەکان دەنێرن بۆ ئەوەی شەڕ بکەن؟**

**یەکدەنگی نیشتمانی.**

**ڕۆژنامنووس جیریمی شاهل، بە تەواوەتی لەسەر ڕاست بوو کە وتی: (( دیموکراسیخوازان حزبێکی ئۆپۆزسیۆن نین، و حزبێک نین دژ بە شەڕ بن، لە باشترین حاڵەتدا ئەوان ئۆپۆزسیۆنێکی لایەنگرن)).**
**جیریمی وتی : (( ئیمکانی نییە ئەم هەموو کاولکارییە هەنووکە کرا لە عێراقدا بە بێ حزبی دیموکراسیخوازان کرابێت، چەندی ڕابەرەکانیان نکۆڵی لێبکەن، ئەمە شەڕی ئەمانیشە و هەروایش ئەمێنێتەوە تا دواهەمین سەرباز دەگەڕێتەوە. گۆمان لەوەدا نییە کە حکومەتەکەی بوش فاسدترین و بۆگەنترین و درندەترین حکومەتە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا.**
**بەڵام ئەمە لێپرسراویەتی گەورە لەسەر دیموکراسیخوازەکان لانادات دەربارەی خوێنڕشتن لە عێراقدا، و هەروەها سەڵماندنی ئەو درۆیەیە گوایە عێراق چەکی وێرانکردنی هەیە، ئەم درۆودەلەسانە هەندێک لە دیموکراسیخوازانی چەواشەکرد بۆ دەنگدان لە دەستپێکردنی شەڕدا، لە ڕاستیدا عێراق هیچ ترسێکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوو لە ساڵی 2003، وەک ساڵی 1998 کە سەرۆک کلینتۆن بۆردومانی بەغای کرد.**
**جۆن کیری و برادەرەکانی، ئەوەیان دەزانی، دیموکراسیخوازەکان پێویستیان بە زانیاری ساختە نەبوو تا پاڵیان پێوەبنەن بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەمە سیاسەتیان بوو، سیاسەت بوو کە یاسای وڵاتیان دانا نەک لەسەردەمی دەبلیو بوش، بەڵکو لەسەردەمی بیل کلینتۆن بوو کە ئیمزای یاسای ئازادی عێراقی کرد لە ساڵی 1998، کە بە فۆرمی پرۆسەی گۆڕینی ڕژێمی عێراقی دەستپێکرد.**

**لە ڕاستیدا شەڕ لە عێراقدا ( و شەڕی فراوان بۆ سەر تیرۆرست) پشتیان بە هاوڕایی هەردوو حزبەکەیە، دیموکراسیخوازان و کۆمارییەکان هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە مافی وڵاتە**

یەکگرتووەکانە دەستتێوەرداتە وڵاتەکانی تر، بۆ گۆڕینی رژێمەکان کە پەسەند نییە لایان، و بۆ ئەوەی ببێتە هێزێک بەسەر جیهاندا زاڵ بێت. ئەلێرە سەرۆکی دیموکراسیخوازان جۆزیف بایدن پێخۆشحاڵە لە دیلاویر و دەڵێت: ( دیموکراسیخوازان هێز بە کاردەهێنن بە بێ ئەوەی داوای روخسەت لە کەس بکەن، ئەمەش ڕێگەیەکی نموونەییە بۆ حزب، و هەروەها بۆ منیش).

هەندێ لە لیبرالەکان چاوپۆشیان کرد لە دژایەتیان بۆ شەڕی عێراق بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیە کە عێراق ( مەسەلەیەکە بۆ سەرنجراکێشان) بەڵام کێشە لەوەدایە رازیە بەوەی کە بوش دەست بکات بە شەڕ، لەوانەیە مەشروع بووایە، بەڵام هیچ پێوەندی بە ئەجندەی بوشەوە نییە بۆ شەڕ دژ بە تیرۆرست یان کەمکردنەوەی ئەگەری ڕووداوی.

حکومەتی بوش زنجیرەیە لە ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە پێش 11 سپتەمبەر خستیە ڕوو، ئامانجی هێرشبردنە نەک بەرگری، کۆشش دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی هێزی ئابووری و سەربازی ئەمریکی لە دەرەوە. دەستەواژەی شەڕ دژ بە تیرۆر، ڕێگەیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی شەڕ بۆ سەدان ساڵ لە ڕێگەی ڕەگەز و دژ عەرەب و ئیسلام، وەک چۆن لەناوبردنی کۆمۆنیزمی بەکار دەهینا وەک مبەڕرێکی ئایدولۆجی لە خزمەتی ئامانجەکانی ئەمریکی لە ئەفریقیا و ئاسیای ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
هەر بزووتنەوەیەک بۆ کۆتای هێنان بە شەڕ لە عێراقدا پێویستی بەوە هەیە کە ڕووبەڕووی ڕاستەوخۆ بێتەوە لەگەڵ هەردوو حزبەکە و هەموو چوارچێوەیەکی ئایدولۆجی کە بەکار هێنرا بۆ بانگیشەی شەڕ، و بزووتنەوەی کۆتایهێنان بە شەڕ پێویستی بەتەواوەتی بە سەربەخۆیی هەیە لە دیموکراسیخوازان و دژ بە هاودەنگی فراوان کە شەڕ دژ بە تیرۆر بڵاو دەکاتەوە، بەتایبەتی فروان خوازی ئەمریکا و تیرۆرزمی ئیسلامی و راسیزمی دژ بە عەرەب و ئیمپرالیزمی لیبرالی.

لەسەر ئەوانەیشەوە پێویستیمان زۆرتر بە ئامۆژگاری سیاسی هەیە لە ناو بزووتنەوەی دژ بە شەڕ ولەوە کەمتر نابێت، ئەو بیرۆکە باوەی کە دەڵێت: خەڵکی لە ناو جەرگەی ئەمریکا یان لە ناو خانەوەدانەکانی سوپا پێویستیان بە پاراستن هەیە لە ئامۆژگاری سیاسی، بیرۆکەیەکی نخبەویە و چەواشەکارییە، تەنها رادیکالەکان و پێشکەوتنخوازەکان نین کە هەستیان بەوە کردبێت کە پێوەندی هەیە لە نێوان داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عێراق و پشتگیریکردنێکی مێژینەی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و بۆ چەند رژێمێکی عەرەبی کە هاوڵاتییان سەرکووت دەکەن بەلام ئارامی ناوچەکە دەپارێزن. لە ڕاستیدا سەربازەکان هاوسۆزییان دەربڕی بەرامبەر بەرهەڵستکارە عێراقییەکان کە دژیان دەوستن، کۆلۆنێل کیم کیسلۆنغ وتی: ( ئەگەر تکساسیش داگیربکرێت لە لایەن هەندێکەوە، هەمان شت دەکەین).

ئەگەر ڕەوتی دژ بە داگیرکاری بە هێز بێت لە ناو بزووتنەوەی دژ بە شەڕ، بزووتنەکە بەهێز دەبێت بۆ کۆتایهێنانی شەڕ و چەنسێکی گەورەتری دەبێت بۆ گۆڕینێکی بنەڕەتی کە پێویستە بۆ ڕوونەدانی شەڕ لە داهاتوودا. نووسەری گاڵتەجاڕی و ڕۆمانووسی گەورە مارک تۆین، سیاسەتەکانی دژ بە داگیرکاری چڕ کردەوە بە شیوەیەکی جوان، و لە کاتی دژایەتی کردنی داگیرکردنی ئەمریکا بۆ فلیبین وتی:( من دژ بە هەڵۆیشم کە چڕنووکەکانی لە زەوی تردا گیر دەکات).

پێویستە لەسەرمان ئەم هەستانە زیندوو رابگرین و بەرفراوانی بکەین، لە هەمان کاتدا، ئەوەی لەسەرمانە ڕووبەڕووی ڕەگە ئابوورییەکانی شەڕ ببینەوە و سستمێک کە بنەماکانی ناعەقلانییە، سستمێکی کە خەڵک بنێرن بۆ ئەوەی بمرن و بکوژرێن لە پێناو دەستبەسەرگرتنی نەوتێکی کەم، لە جیاتی ئەوە هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی سستمێکی ئینسانی لە نێوانماندا بۆ بەرهەمهێنان و گواستنەوە. ئەو سستمە وا لە خەڵکی دەکات کە بە ئاسانی کارەساتە سروشتییەکان کاریان تێبکات وەک گێژەڵوکەی کاترینا و پاشان پشتیان لیبکات بۆ ئەوەی بمرن، لە کاتێکدا سەدان ملیار دۆلار خەرج دەکات بۆ داگیرکرنی عێراق و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر لە نوێ دایڕێژێتەوە و وا لە عێراق بکات کە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهانە لە ڕووی نەوتەوە، نەوت لە دەرهاوسێکانی بهێنێت، بە قیمەتی 200 ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا.

لەسەرمانە، لایانە چینایەتییەکانی ئەم شەڕە ڕۆشن بکەینەوە: کێن ئەوانەی کە شەڕ دەکەن و کێن ئەوانەی کە ئەکوژرێن، وکێن ئەوانەی کە سەربازەکان دەنێرن بۆ ئەوەی شەڕ بکەن؟ بۆ ملیارەها دۆلار بۆ ئەم شەڕە خەرج دەکرێت، لە کاتێکدا قوتابخانەکان لە ئاستێکی نزمدان و هەروەها 45 ملیۆن ئینسان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیمەی تەندروستیان نییە، و 10 ملیۆن تر هەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو ئەو بیمەیان نییە یان ناتوانن بەو توانا کەمەیان خەرجی بدەن؟